# دایکانی شەهید دوای روخانی سەدام چاوەڕوانی رۆلەکانیانن

**نەجات روستی**
Rosti@makoot.com

ئەو شەوەی موشەکەکانی هاوپەیمانان بەسەر شاری بەغدا دابارین بۆ بەیانی بەرەو ماڵی هاورێکم چووم تا لەوێ مژدەی لێدانی رژیم بە دایکی برادەرەکەم رابگەینم، چونکە دڵێ زور لەسەدام پڕبوو وەکوهەمووئەودایکانەی رۆلەکانیان بەدەستی رژیم لەناو چووبون، کەمژدەی لێدانی سەرانی رژێمم پێڕاگەیاند، ئەوەند دڵیخۆشبووفرمێسکی شادی بەچاوەکانی هاتەخوارەوە، لەو رۆژەوەهەمووکاتی رۆژانەی لەدیارتەلەفزیۆن بەسەر دەبات، بەوردی سەرنجی هەواڵ ڕوداوەکان دەکا، ئێستا وایلێهاتووە بێژەرو پەیامنێرانی زۆربەی کەناڵەعەرەبیەکان دەناسێ بەتایبەتی ئەوکەناڵانەی کەهەواڵی گەرماوگەرم بڵاودەکەنەوە، پورە ئایشێ نزیکەی پانزە ساڵە هەموو شەوەێ لە چاوەڕوانی کوڕە ئەنفالکراوەکەی شەوانە دەرگاکەیان داناخات، کەلێدەپرسن بۆچیدەرگاداناخەی بەهەناسەیەکی قوڵەوە پێت دەڵێ چاوەڕوانیهیوای کوڕمم دەکەم نەوەك شەوێ بێتەوە ئاگام لێنەبێت دەرگای لێبکەمەوە بڕوات وابزانی ماڵمان لێرە نەماوە بۆیە دەرگاکەم هەمیشە لەسەر پشتە وهەموو شەوێ لە چاوەڕوانیهیواوەخەوم لێدەکەوێ، ئەمەهەستی دایکانی شەهیدەنادیارەکانە، پورە ئایشێ نمونەیەکەلەودایکانە بەدڵنیاییەوە هەزاران دایکی تریش هەن کەتائێستاش لەچاوەڕوانیرۆلەکانیان دەکەن، ئەو رۆژەیهێزەکانی هاوپەیمانا بڕیاریاندا کەبۆماوەی شەش رۆژ پشوو دەدەنە هێزەکانیان و پێشڕەوی ناکەن بەروقولای بەغدا، هەرلەماڵێ پۆرە ئایشێ ووتم هێزەکانی ئەمریکا تاماوەیەك هێرشەکانیان بەهۆی نالەباری کەش وهەواناتوانن بەردەوام بن لەهێرش کردن، پورە ئایشێ خەمباریکی زۆر دایگرت ومات بوو، ووتی ئەترسم سەدام لەناو نەبەن جارێکی تر بکەوێتەوەگیانی ئێمەوە دیسان ڕۆلەکانمان لێ وون بکات، بەزەردەخەنیکەوە وتم خەمت نەبێت ئەمەجارەدەرچونی بۆ نیەهەرلەناوی دەبنەن، ووتی کوا بۆ ئەورۆژەی کە بەچاویخۆم لە ناوچونی ببینم، تۆڵەی کوڕەکەم وهەمووئەوگەنجانەی بەناهەقی لەناوی بردوون لێبکرێتەوە، ئەوکاتەش کەهەواڵی کوژرانی عەلی کیمیاوی بڵاوبووەپۆرە ئایشی زۆر دلخۆش بوو بەلام خۆزگەی بەوە دەخواست کە بەزیندوی بگیرابا، ئەی ووت ئەگەر بیدەنەدەست من لەژورێکی دەکەم بەچەکی کیمیای دەیکوژم تابیزانی کەمردن بەچەکی کیمیای چەند ناخۆشە، دوای ئەوەش کە هیزەکانی ئەمریکا گەیشتن ناو بەغدای پایتەخت پورە ئایشێ ووتی رۆلە تۆبڵی هیوای کوڕم لەزیندانەکانی بەعس شتێکی بەسەر نەهاتبێت تۆبڵی زوبگەرێتەوە بەخوا لەوەتەی لە سەدامیان داوە شەوانە دوو سعات خەون نەچۆتەچاوەکانم هەرچاوەڕوانی هیوادەکەم داخۆ کەی بگەرێتەوە، پورە ئایشی دوای پانزە ساڵ هەرچاوەڕوانی کوڕە ئەنفالکراوەکەیەتی، بەلام بە دڵنیایەوە لەگەڵ لەناو چونی سەدام چیتر پورە ئایشێ لەچاوەڕوانی شەوان چاونانیتەخەو.